فەرماندەی هەسەد لێبوردەیی گشتی بۆ زیندانیانی پارێزگای دێرەزوور لە سووریا دەرکرد



لێگۆڕ پشتیوانی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەد) بۆ ناوچەکانی دێرەزوور و مەیادین لە هێڕشەکانی سووریا و کۆنترۆڵکردنیان ئەم شارانە، مەزڵوم عەبدی فەرماندەی هەسەد لێبوردەیی گشتی بۆ زیندانیانی زیندانەکانی ئەم شارانە دەرکرد کە لەکاتی حوکمی ژمەی بەشار ئەسەد دەستگیرکرابوون.

مەزڵوم عەبدی، فەرماندەی گشتیی هەسەد ئەمڕۆ شەممە ڕایگەیاند، لێگۆڕ پشتیوانی هێزەکانمان بۆ دەرەزوور لە چوارچێوەی گەمانکاریێکانی دژی سیاسی ئیستای سووریا، لێبووردنی گشتی لەو ناوچەیە ڕادەگەیەنین.

فەرماندەی گشتیی هەسەد دەشەت: "داوا لەهەموو لایەک دەکەین هاوکار بن بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی ناوچەکە".

مەزڵوم عەبدی لە پەیامێکی لە تەڵی کەمەڵایەتی ئەکس کە ئەمڕۆ شەممە بڵاویکردەتەوە، نوسیویەتی: پشت بە ڕێی هێزە هەسەنەکانمان لەو ناوچانە دەبەستین بۆ ڕێگریکردن لە ئاژاوەگێڕی و پاراستنی ناوچەکە.

وێنە گۆڕکە ئەوەیە: ئێپزسیۆنی چەکداری سووریا هێرشی کردەسەر شارەکانی حەلەب و ئیدلب لەباکووری سووریا و بەشێک لە ناوچەکانی ژێرئاوای کوردستان و دەستیان بەسەر تەواوی شاری حەلەبدا گرا، پاش

ئاوێی دەستیان بەسەر تەواوی گوندەکانی ڕۆژئاوای شاری حەلەبدا لە باکووری سووریا گرت و هێرشەکانی دەستیان بەسەر شاری سەراقب دا گرت کە لە ڕووی ستراتیژییەوە گرنگی لەدوای شکستی سەختی هێزەکانی ڕژێمی سووریا و هاوپەیمانەکانیان، دواجار ڕۆژی شەممەی ڕابردوو تەواوی شاری حەلەب-یان کۆنترۆلکرد.

لەلایەکی ترەوە، وتەبێژی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە)، فەرهاد شامی لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی ڕووناهی گوتوویەتی: بڕیاری چاودێری دەخی حەلەب دەکەین، ئێم هێرشانە و تووندوتیژیی حەلەب لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێت.

فەرهاد شامی لەبارەی هاوستی هەسەدە لەو تووندوتیژیانە وتی: ئێرکی ئێمە پاراستنی گەل و خاکەکەمانە و لەکاتی پێویستدا هاوستمان دەبێت و وەڵام دەدینەوە.

لەسەر ئێم ڕووداوانە، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: پاراستنی سەقامگیری لە ئیدلب و ناوچە سنوورەکانمان، وەک ئەوڵەویەتێک بە تورکیا دەمێنێتەوە.

دواجار ڕۆژی شەممە 30ـی تشرینی دووەمی 2024، ڕوانگەی سووری بە ماڤەکانی مرۆڤ ئاشکرایکرد، کە چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا (ئەحرار ئەلشام - جولانی) کە بەشێکیان لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێت شاری حەلەب-یان گرتووە و سوپای سووریا لە تەواوی شارەکە کشاوەتەوە.

لەمیانەی پێشڕەویەکانی گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا، ئەمڕۆ شەممە 7ـی کانوونی یەکەم ناوەندی پارێزگای سوەیدا لە باشووری سووریا کەوتە دەست هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن.

بەگوێرەی ئەو زانیارییەی لە سەرچاوە ناوخۆییەکانی سووریاوە دەست کەوتووە، ناوەندی پارێزگای سوەیدا لە باشووری سووریا کە زۆربەی دانیشتوانی لە ئایینی دورزین، کەوتە دەست هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی نیشتەجێی شارەکە.

لەسەر ئێم ڕووداوانە، شیکەرەوە سیاسیەکان باس لەوە دەکەن کە لەماوەی کاتژمێرەکانی داهاتوودا، تەواوی سووریا لەدەس ڕژێمی بەشار ئەسەد دەکەوێت، تەنانەت دیمەشق-ی پایتەختی سووریا و ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد حەتمیە لە کاتژمێرە داهاتووەکاندا.